

دڵی ڕۆژهەڵات

**نقاشێك لەسەر ژوانی خەیاڵ**

من و تۆ و تەنیاییمان

بووینەتە دوا هەواری خەیاڵ

بووینەتە دوا قامەتی ژوانێك

بووینەتە دوا دێوەزمەی ئەم گەردوونە

من و تۆ هەمیشە لە ماڵەکەی خەیاڵ دوا ژوان دەگرین و

دوا ماڵئاوایی لە چوونەوە دەکەین

من  سەر بە ئەوجی تەنیاییم

تۆ سەر بە ماڵە پڕ شەڕابییەکەی سێوی

سێو خود خواردنەوەی منە لە سەر دەنگی ناسکی ژنبوون

خود خەیاڵێکی بیمارە

ژن، دارهەنارێکە لە باڵای باران و

بەجێهێشتنی فرمێسك

من شێتترین و

تۆ خەیاڵیترین ڕێگای ئاوریشمیت

تۆ

واتا گەڕانەوە

من واتا نەڕۆیشتن.

من و تۆ لەو پێکە دەنۆشین ناومان ناوە

یەك و یەك ناکاتە دوو

من و تۆ لەو سەربازە دەچین

دڵی بۆ ژوانێك لە سەنگەری نەدیتن لێدەدات

دڵی تۆ

ماڵێکی ئەبەدییە و

سێوی من بۆنی دەستی تۆی گرتووە

دەستی تۆ

نقاشێکە بۆ کێشانی تابلۆیەك لە خەیاڵی من

تۆ، ئەبەدیترین جەنگاوەری بۆ کوشتنی مەراق

بەدیار خالقییەوە

سەمات بۆ دەکەم

بەدیار خۆمەوە گۆرانیت بۆ دەڵێم خەیاڵ.

دڵی ڕۆژهەڵات